وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی عێراق: وشکەسالی ئەمساڵ بێ وێنەبووە



وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی عێراق دەڵێت: وشکەسالی ئەمساڵ لە عێراقدا وێنەی نەبووە. ڕۆخنەش لە تورکیا دەگرێت کە بڕدانەوەی ئاوی بە ڕووباری فورات کەمکردووەتەوە.

عەون زیاب، وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی عێراق لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، بەهۆی بڕەی پلەکانی گەرما، ساڵانە نزیکەی هەشت ملیار مەترسەجا ئاو لە عێراق بە هەدەم دەبێت.

وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی عێراق، گوتی: "ئەمساڵ بە عێراق ساڵێکی سەخت بوو، ئەم وشکەساڵییە پێشتر وێنەی نەبووە، چ لە ڕووی کێگاکردنی ئاو لە ڕێگەی بەنداوەکان یاخو پشتبەستن بە ئاو لە ڕێگەی وەاتان دراوسێ، ساڵانە بەهۆی بڕەی پلەکانی گەرماوە نزیکەی هەشت ملیار مەترسەجا ئاو لە عێراق بە هەدەم دەبێت و ئەمەش ژمارەیەکی گەورەیە، ئێستا هەتاوە لەسەر ڕووباری فورات هەیە، سەرچاوەی ڕووبارکەش تورکیایە، کە سەدا 90ی ئاوەکەی لێو وەاتەوە دێت، بەداخەوە بەهۆی چەند هەکارێک، کە هەندەکیان سیاسین، ڕۆژێکی دیاریکراو لە ئاو لەلایەن تورکیاوە بە ڕووباری فورات بڕدەدرێتەوە".

وتیشی: "پێشتر بە گوێرەی ڕێکەوتنێک کە لە نێوان عێراق و سووریا لەگەڵ تورکیا لە ساڵی 1987 واژۆکراوە، دەبێت تورکیا لە چرکێیەکدا 500 مەتر سنجا ئاو بڕبداتەوە، بەڵام چەند ساڵێک تورکیا بڕدانەوەی ئاوی بە ڕووباری فورات بە 300 مەترسنجا لە چرکێیەکدا کەمکردووەتەوە".